# کورد- بوون

سەردار عەزیز

خوایە نامەویَ برۆمە بەهەشت!

لەودیو پەنجەرەکەمەوە بەندەرەکە لە ژێربارانێکی ووردا بە ئاگادێت. هەرچەندە  رۆژە سەرەتاکانی گوڵانە بەڵام هێشتا زستان نایەوێ بەجێمانبهێڵێ. پەنجەرەکەم تەمیَ تەنک دایگرتوە. منیش وەک هەموو بەیانیەکی تری رۆژانی سارد، بە پەنجەی شایەتومانم لە سەر تەمی پەنجەرەکە دەنووسم، "ئەو دیوو شارێکە بە دڵم نامۆ".

ژورەکەم تۆزێ لە پولێکی نامە گەورەترە، بە یەکێ لە دیوارەکانیەوە وێنەی تابلۆکەی مونش هەیە، "هاوار". پیاوێ بە رووومەتێ ترسناکەوە لە سەر پردێ لە تەختە، وەک مەلا مەحمووی گوندەکەمان لە کوردوستان، هاوارئەکات.

بەیانیەو کاتی هەستانە! کە سەرم لە سەر سەرینەکەم بەرزئەکەمەوە؛ گۆرەویە خوریەکانم و ئەو پەرەکاغەزانە ئەبینم کە لەسەر تەختەی ژوورکەم لە تەنیشت نوێنەکەمەوە بڵاوبونەتەوە. پەرەکاغەزەکان هەرچەندە سپین بەڵام هەواڵی رەشیان لە خۆیان گرتووە. هەواڵی دۆزینەوەی ئەو گۆڕانەی کە پڕبوون لە ئێسقان و کەللەسەرو جلی رەنگاڵەی کوردی.

گۆڕێ بۆ کۆمەڵێ خەڵک! بە کۆمەڵ ناشتن یانی چی؟ مەرگی کورد لە بیابان یانی چی؟ بیر لەم پرسیارانە ئەکەمەوە و رادیوکەم دائەگیرسێنم. " هەر ئێستا ئەم هەواڵەمان پێگەیی؛ لە ئەنجامی تەقینەوەیەک  لە شاری هەولێر لە کوردوستانی عێراق دەیان کەس گیانیان لە دەست داوە و ژمارەی برینداارانیش لە سەدان".

لە بەر پەنجەرەکەدا بە نیوەرووتی ئەوەستم و لە بەندەرەکە ئەنوارم. چەند کەشتیە لەنگەریان گرتوەو ئاڵاکانیان بە دەم باوە ئەشەکێتەوە. کوردوستان چەند دوور ئەوەندەش نزیک. بیر لە مردنی هەرزەکارێکی کورد ئەکەمەوە، کاتێ لە ریزدا وەستاوە، بۆ ئەوەی ببێتە پۆلیس. رەنگە ئەو بەیانیە بیری لەوە کردبێتەوە ژن بێنێ. یان لە دەرماڵەی سەری مانگ دیاریە بۆ کچە مێخەک لە ملەکەی دراوسێیان بکرێ. رەنگە "لێدرابێ" بە عەشق، بیری لە هەموو شتێک کردبێتەوە مەرگ نەبێت. کورد نابێ بیر لەمەرگ بکاتەوە چونکە هەموو ئەوانی تر بیر لە مەرگی ئەو ئەکەنەوە. گەرەکەکەمان بێدەنگە، بەڵام من هاواری ژنە رەشپۆشە کوردەکانم گوێ لێیە، کە تا خوێن هێنان رووومەتی خۆیان ئەرننەوە. رەنگی رەش و هاوار و خوێن؛ رابوردوو و ئێستا و داهاتووی ئێمەن. ئێمە وەک نەتەوەیە کە نین، کە نایەنەوێ هەبین!! لە هەرکوێوە یادەوەریەکانم دەستپێبکەم وەهام پێئەڵێ!

کورد-بوون؛ ناسنامەیەکە پڕ لە قەیران!

 مانای چیە؛ نەبیت، دان بە بوونتا نەنرێت، نکوڵیت لێبکرێت، بەردەوام هەوڵی قەلاچۆکردنت بدرێت؟! دیارە لە کەش و هەوایەکی وەهادا بوون تاوانە، خیانەتە، پیلانە، هەوڵدان بۆ بوونیش گوناهە، کوفرە.

کە لەژووری نوستنەکەم دێمە خوارەوە بەلای کتێبەکانما تێئەپەرم. ناونیشانەکان ئەم بەیانیە نوێ بوونەتەوە؛ سەمانتا پاوەرو عەلی کیمیاوی، کیسنجەرو تراژیدیای کورد، دەستکەوتەکانی شەرو تارمان، لە تەنیشتیانەوە یادەوەریە پڕ لە ئازارەکانی رۆژانی ئۆشڤایتزی پریمۆ لیڤی، خوێندنەوە پڕ لە ئەخلاقیەکەی تۆدۆرۆف بۆ هۆلۆکۆست، نامە بچکۆلەکەی پیتر گابرلێث بۆ ئەندروی کوری.

بیرکردنەوە لە ووشە کەمەکانی نامەکەی گابرلێث، ناچارم ئەکات بیر لە تاریکی و رووناکی بکەمەوە، بەراورد لە نێوان مرۆڤ و درندەدا بکەم.